توێژینەوەیەك لەبارەی :

# ڕوانگەی ئیسرائیل بەرامبەر كورد
# چەندە ستراتیجیه چەندە تاكتیكیه؟

لەپەراوێزی پەیامەكەی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل



كۆتایی مانگی 11ی 2024

## بۆردی توێژینەوەی ستاندەر:

ئەنجومەنێکی زانستی لێکۆڵینەوەیەی سیاسیە، گرنگی دەدات بە رەهەندە سیاسیەکانی دیاردە و ئاریشەکان. ئامانجی بەرچاوڕونی داڕێژەرانی پلان وبڕیاردەرانی سیاسی هەرێمی کوردستانە بۆ ئاگابوون لە هاوکێشە کاریگەرەکانی ناوخۆیی وهەرێمی وجیهانیەکان.

**سەرۆکی بۆرد:**

پ.ی.د. کامەران عزیز عبداللە

**ئەندامانی بۆرد:**

د.محمد رەئوف

پ. د.  رعد رفعە محمد

پ. د. هیوا حمید

پ.ی. شاخەوان عبداللە صابر

د. محمد صباح

د. هێمن عزیز

ئەندازیار شوان حسین (پسپۆر لە زمانی عیبری)

م. مسعود عبدالخالق

# پـــــێـــرســـــت


| ژ | بابەت |
|---|---|
| ١ | دەقی لێدوانەکەی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل |
| ٢ | پرسیارە ستراتیجیەکانی ئەو توێژینەوە |
| ٣ | بەرپرسیاریەتی دەوڵەتانی ناوچەکە لەمەینەتی کورد وفەلەستیندا : |
| ٤ | کوردستان لەستراتیجیەتی ئیسرائیلدا |
| ٥ | بەڵگەنامەی ئیسرائیلی لەبارەی پەیوەندی لەگەڵ کورد  دەقیق نین |
| ٦ | کوردستان ئیسرائیلی دووەمە یان مەینەتیەکەی وێچووی فەڵەستینە |
| ٧ | ستراتیجیەتی ئیسرائیل سەبارەت بە پەیوەندی لەگەل کورد |
| ٨ | پوختەی وەڵامی ئەو پرسیارە ستراتیجیە |
| ٩ | پاشکۆ |

**دەقی لێدوانەکەی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل**

گیدئۆن ساغ سەرۆکی پارتی ( یەمین مەملەختی) کە پارتێکی ڕاسترەوی زایۆنی - لیبرالی، لە ساڵی ٢٠٢٠ خۆی دایمەزراندوە، پارتەکە لە پارتی لیکۆدی دەسەڵاتدار جیابۆتەوە، لە کاتی وەرگرتنی پۆستی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل لە(١١-١١-٢٠٢٤) بە ئامادەبونی گەورە بەرپرسان و وەزیرانی حکومەتی ناتانیاهۆ وتارێکی پێشکەش کرد، لە پەیامەکەی رەسمی سیاسەتی دەرەوەی ئیسرائیلی بەو جۆرە کێشا: ((ئێمە پێویستە زیاتر لە ناوچەکە تێ ڕابمێنین، هاوپەیمانی بەهێز بنیاد بنێین، من ئەمەوێت جەخت لەسەر کەمە نەتەوەکان بکەمەوە لەو ناوچەیەی کە ئێمە تێیدا دەژین، نەتەوەی کورد ؛ نەتەوەیەکی گەورە کە چل ملیۆن کەسن, یەکێک لە نەتەوە گەورەکانی جیهانن , لەوانەیە یەکێک بێ لە نەتەوە گەورەکان کە سەربەخۆی سیاسیان نیە، ئەوان هاوپەیمانێکی سروشتیی ئێمەن، ئەوان کەمە نەتەوەی چوار دەوڵەتی جیاوازن، لە دوان لەو دەوڵەتانە خاوەنی ئۆتۆنۆمیین، لە یەکێکیان لە سوریا دیفاکتۆ و لە عێراق یاسایی، ئەوان قوربانیی هێرش و سەرکەوتکردنن لە لایەن ئێران و لە لایەن تورکیا وە، ئێمە پێویستە دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکەین و پەیوەندیان لە گەڵدا پتەو بکەین، لەمەدا دەستکەوتی سیاسی و ئاساییشی بە دەست دەهێنین)).

**دەقە عیبریەکە:**

צריך לבחון היטב את האזור שמסביבינן ולכרות ולבנות בריתות חזקות ואני רוצה לשים דגש על מיעוטים במרחף שאנחנו בו חיים, העם הכורדי , העם הגדול כ-40 מליון נפש, אחד העמים הגדולים בעולם, אולי הגדול בעולם שאיין לו עצמאות מדינית, הוא בן ברית טבעי שלנו,והוא מיעוט לאומי בארבע מדינות שונות , בשתיים מהן הוא נהנה מאוטונומיה , בסוריה דה פאקטו בה עיראק דיורה בחוקה העיראקית , והוא קורבן לדיכוי ולתוקפנות , מצד איראן ומצד טורקיה, אנחנו צריכים להושיט לו יד , להעצים קשרים עמו , יש לכך הבטים גם מדיניים, ביטחוניים

لە دوای ئەو لێدوانە، تورکیا کەوتە هەندێ جموجۆڵ، هەروەها لە رۆژنامەی ئەلکترۆنی (حزبی بەعس) وا بڵاوکرایەوە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دابەش دەبیت بۆ ٥٢ بەش، دوا لێدوان کە بەناوی (ئیدی کۆهین ) رۆژنامەنووسانی ئیسرائیلی بڵاوکرایەوە گوایە ساڵی دووەمی ترامپ بەرنامەی دەولەتی کوردی تیدایە !! ئەو پرسە کەوتە ناو کوردستان و هەندێ حزب و سەرکردەی گەورە پێی سەرقاڵن، ئەو تویژینەوەیە لایە تاریکەکانی ئەو پرسە ڕووناك دەکاتەوە .

**پرسیارە ستراتیجیەکانی ئەو توێژینەوە**

ئینجا دێینە سەر پرسیارەکانی کوردو ئیسرائیل وەپرسین: بۆچی لای زۆربەی عەرەب کوردستان بە ئیسرائیلی دووەم وەسف دەکرێت و چەندە ئەوە ڕاستە ؟ کەواتە راستی پەیوەندی کوردو ئیسرائیل چۆنە؟ لە ڕابردوو ئیسرائیل چەندە یارمەتیدەری کورد بووە؟ لە پرۆژەکانی ئیسرائیل چارەنوسی کوردی تێدایە؟

کەواتە پەیوەندی کورد ئیسرائیل ستراتیجی و جدیە یان تاکتیکی هەواڵگریە؟ ئەزمونی پێشووی ئەو پەیوەندیە چیمان پێدەڵێت؟ دەکرێت هیوا لەسەر ئەو لێدوانە بنیات بنیین؟ چەندە عەرەب و فارس و تورك بەرپرسن لە مەینەتی کورد و وایان کردوە کورد سوپاسگوزاری ئیسرائیل و ئەمریکاو رۆژئاوا بێت؟ ئەوە و کۆمەڵێك پرسیاری تر لەو کورتە توێژینەوەیە چارەسەر دەکەین .

**بەرپرسیاریەتی دەوڵەتانی ناوچەکە لەمەینەتی کورد وفەلەستیندا :**

وەك ئاشکرایه کـه پیلانێکـی ئیسـتعماری ناوچەکـەی دابـەش کـرد و هـەردوو مەینەتـی کـورد وفەڵەسـتینی لـێ دروسـت بـوو، بـەڵام ئـەو پیلانـە بەرپرسـانی ناوچەکـە و دوایـش دەوڵەتانـی دروسـتکراوی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بەرپرسـیاریەتی تـۆخ کردنـی ئـەو مەینەتیەیـان کەوتـە ئەسـتۆ، بـە جۆرێکـی تـر: مەینەتـی کـورد لەسـەر دەسـتی ئیسـتعمار بـووە، بـەڵام بەردەوامـی ئـەو مەینەتیـە دەکەوێتـە ئەسـتۆی وڵاتانـی ناوچەکـە، وڵاتانـی زادەی سـایکس بیکـۆش بەشـدارن بەتایبەتـی وولاتانـی داگیرکـەری کوردسـتان .

بـا لـە سـەربردەی دۆڕاندنـی فەلەسـتین لەلایـەن عـەرەب خۆیـەوە دەسـت پێبکەیـن، یـان بـە سـەردێرێکی تـر دەتوانیـن بڵێیـن ڕهەهـەندی عەرەبـی لەدروسـت بوونـی ئیسرائیـل، زۆر بەکورتـی هەنگاوەکانـی ئـەو دۆڕاندنـە دەخەینـە ڕوو.

**یەکەم- دیاردەی وولات فرۆشتن :**

وەك بـاس کـرا ئـەو داواکاریـەی فلسـتین لەلایـەن یەهودیـەکان کۆنـە، بـەلام لەسـەردەمی نـوێ و ئەوەلیاتـی دەولەتـی ئیسرائیـل وڕیشـەکەی لـە دەسـەلاتداری گەنـدەڵ و وڵاتفرۆشـی عـەرەب خـۆی دێـت، بنەماڵـەی خدێـوی میسر بەهـۆی کەڵەکە بوونـی قـەرز، کەناڵی سوێسـی فرۆشـتە بریتانیـا بە ٢٢ملیـۆن فرانـك، بەریتانیا هەنـدێ پارەی لـە بنەماڵـە رۆتچیلـدی یەهـودی قـەرز کـرد بـۆ ئـەو پرۆژەیـە، ئیـتر بەریتانیـا خـۆی بـە قـەرزداری یەهودییـەکان زانـی و ئـەو چاکەیـەی دانـەوە لـە ١٩١٧ وەزیـری دەرەوە(ئەرسـەر بەلفۆر)ئـەو بەڵێنـەی پێـدان ونامەکـەی بـۆ بنەماڵـەی رۆتچیلـد نـاردوە (بەنـاوی بەڵێنـی بەلفـور) ، لـەو سـەردەمی هەنـدێ سـەرکردەی دەروون نـزم (بەنـاوی سـەربەخۆیی ونیشـتمان پـەروەری ) وڵاتـی خۆیـان دەفرۆشـت، ئەمریـکا (فیلیپیـن)ی لـە بنەماڵـەی پاشـای ئیسـپانیاو بـە ٢٠ ملیـۆن دۆلار کـڕی، ئەلاسـکای لـە بنەماڵـەی قەیسـەر روسـی کـڕی بـە ٧ملیـۆن دۆلار، ویلایەتـی فلۆریداشـی کڕیـەوە بـە ٥ ملیـۆن دۆلار، بنەماڵەکانـی کەنـداوی عەرەبـی و ئیتحـادی تەرەقـی فەلەسـتینیان فرۆشـت بـە بڕی٤٠٠٠٠٠لیـرە، ڕووبـاری دجلـەش بـە ٢٥٠ ٠٠٠لیـرە فـرۆشرا بەریتانیـا ، ئەزمونیکـی تـری فرۆشـتنی نشـتیمان (کەمێـك لـە کوردسـتانی ئێسـتا نزیکـە) بۆتـانی نەقـل دەکەیـن : سـاڵی ١٨٩٣ لەدورگـەی هـاوای ڕاپەڕیـن کـرا، دوتـر وەزیرێکیـان لێپەیـدا بـوو زۆر شـارەزا بـوو لـە فرۆشـتنی سـامانی سروشـتیەکان، هەرجـارەو بەشـێکی خاکەکـەی دەفرۆشـت بـۆ خەرجیەکانیـان، دواتـر ووتیـان بـا دەوڵـەت راگەیەنیـن هەمـو قـەرزەکان دەدەینـەوە، دوای ٢٥ سـاڵ حوکمـی گەندەڵـی ومیراتـی و بنەماڵەیـی، ووڵاتیـان پـێ بەڕێـوە نەچـوو، تـەواوی خاکەکەیـان بـا ئەمریـکا بـە ٦٠ ملیـۆن دۆلار فرۆشـت.

**دووەم -دیاردەی پەیوەهندی نهێنی بەرپرسانی عەرەب بە ئیستعمار و زایۆنیەوە:**

لـە دوای بەڵێنـی بەلفـۆر و سـایکس پیکـۆو سـیڤەر هـەر وڵاتەکـی عەرەبـی دروسـت دەبـوو، لەلایـەن بەریتانیـاوە دەبوایە پاڵپشـتێك (تەزکیە)لـەلای ڕێکخـراوی زایۆنـی بهێنێـت، لەسـەر ئـەو بنچینەیە(شـکری غنام) سـەرۆکی وەفدی سـوری لـە١٩١٩ لـە بەرامبـەر کۆمیتـەی ئاشـتی ڕێککـەوت لەگـەڵ نوێنـەری ئاژانسـی زایۆن بـۆ ئـەوەی یەهودییەکان بتوانـن بـێ ڕێگـری بۆفەلەسـتین کـۆچ بکـەن، تادەبنـە زۆرایەتـی حوکمیـش دەگرنەدەسـت، لەدۆسـیەکانی وەزارەتی

دەرەوەی فەرەنسا بەڵگەنامەیەك دۆزرایەوە بە ژ:٣٥٤٧ ی رۆژی ١٥/ ٦/ ١٩٣٦تیایدا کۆمەڵێك سەرکردەی عەرەبی ئەو وڵاتە داوا لە فەرەنسا دەکەن هەر لەسوریا بمێنێتەوە، لەوانە ناوانەی تێدا بوە ( سليمان الأسد -باپیرەی حافزئەسەد- ومحمد سليمان الأحمد ومحمود أغا جديد وعزيز أغا هواش وسليمان المرشد ومحمد بك جنيد ..)، بەهەمان ئاڕاستە مەلیك فەیسەل لە ١٩١٩/٥/٣ ڕێکەوتنێکی لەگەل (حايم وايزمان) مۆر کرد، خۆی ببیتە مەلیکی عێراق لەبەرامبەر دروست بوونی ئیسرائیل، رێکەوتنەکە لە ٩مادده پێکهاتبوو، دانی نا بە واقعی سایکس -بیکو و بەلێنی بەلفۆر وايزمانیش مۆرەکەی لەجیاتی فەلەستین کرد، پیشوو تریش شێخەکانی کەنداو بەوکارە هەڵسابوون لەچوارچێوەی ڕێکەوتنامەی مۆر کراو بۆ هەمان مەبەست .

لە پاداشتی ئەو هەموو چاکەیەی عەرەب بۆ ئینگلیز و یەهودی زۆربەیان بە ئاشکرا و بە نهێنی خەڵات کران، لەو پاداشتەدا مەلیکی بەریتانی بە (وسام النصر) و (صليب الحرب مع النحل) بنەماڵەی مەلیک فەیسەڵی کوڕی شەریفی مەکەیان خەڵات کرد، زۆربەی ئەو شێخ و بنەماڵانە لەژێر سایەی عوسمانی بوون، بەڵام لە ژێرەوە موچەیان لە بەریتانیا هەبوو، وەك چۆن بەرپرسانی کورد لەدوای کەوتنی حکومەتی باعس دۆسیەیان ئاشکرابوو، ئاواش لەدوای کەوتنی عوسمانی دۆسیەی پەیوەندی ئەو شێخ و بنەماڵانە ئاشکرا بوو، یەکەم جار گۆڤارێکی بە هێزی ئەو سەردەم بەناوی (شؤون الخارجية) کە لە لەندەن دەردەچوو لەمانگی ١٩٢٧/١ لە ژێر ناونیشانی (امراء العرب وداوتنغ بسكريت) لیستێکی لە ناوی ئەمیروشێخ و کەسایەتی عەرەبی تێدا بڵاوکرایەوە لەگەڵ مووچەکانیان بە نهێنی: (١ ـ ابن السعود ١٠٠,٠٠٠ جنيه، ٢ ـ ملك حسين ـ شريف مكه ـ ١٠٠,٠٠٠ جنيه، ٣ ـ فهد الهذال ١٤٠,٠٠٠ ربيه، السيد الأدريسي١٢,٠٠٠ ليره..) بەرامبەر ئەو خزمەتە ستراتیژیەی بۆ بەریتانیا دەیکەن، لەو لیستە چەند ناوێکی کوردی تێدابوو بەڵام ناوی زانایەکی ئایینی کوردی تیدانەبوو .

**سێیەم- دیاردەی دەوڵەت بۆ عەرەب بۆ پاسەوانی ئیسرائیل:**

هەر لەو پاداشە میرو شا عەرەبەکان خەڵات کران بە دەوڵەت دروست کردن بۆیان، پادشاو سەرکردە عەرەبەکان ڕازی بوون کە دەوڵەتیان بۆ دروست بکرێت بەیەك پاکێج و بەیەك فەرمان لەگەڵ دروست کردنی دەوڵەتی ئیسرائیل -سەرنج بدە : سوریا و میزۆپۆتامیا (عێراق) بەپێی مادەکانی ٩٤ هەتا ٩٧ ی سیڤەر بڕیاری دروست بوونیان دەرچوو، ئیسرائیلیش بەپێی ماددەی (٩٥) ی هەمان کۆنگرە ، حیجاز بەپێی ماددەکانی (٩٨-٩٩). بەو شێوەیە میسر لەمادەی (١٠١). سودان لە مادەی (١١٣). مەغریب و تونس لە ماددەی (١١٨). لیبیا بە ماددەی (١٢١)... ئەو وولاتانەی دروست دەبوون دەبوایە پاسەوانی سایکس بیکۆ بە ئاشکرا بکەن و بەنهێنیش ئیسرائیل بپارێزرێ، ڕاشکاوانە تر دروست کردنی ئوردەن بوو بەرامبەر پشتیوانی لە ئیسرائیلی داهاتوو، لەکتێبی(حول خط الاستراتيجى ص٨٦) ئەوباسانە دووپات دەکاتەوە دەڵێت ئەو رژێمانە ئەرکیان رزگارکردنی فەلەستین نەبووە، بەڵکو شۆرشگیرانی فەلەستینی چەك بکەن، هەر لەو کتێبە(ص١٠٦) دەڵێ: لەساڵی ١٩٣٦ رژێمە عەرەبیەکان لە جیاتی بەریتانیا شۆرشی فەلەستینیان ئابلوقەدا و کوژاندیانەوە، هەر ئەو رژێمانەش بڕیاری دابەشی فەلەستین وجێگیرکردنی دەوڵەتی ئیسرائیلیان خۆش کرد، دەشڵێت ڕژێمی ئوردەنی لەهەموان خراپتر بوو، هەر دروست بوونی ئوردەن بە مەرجی پاسەوانی لە ئیسرائیل بووە، بۆیە بەریتانیا بەشێکی لە فەلەستین (زیفەی غەربی) بە ئوردەن دا (ص١٠٧ وص١١٢)،هەر لەو سەردەمەش ئەو زانیاریانە زیاتر بینرا، لەدوا هێرشی ئیسرائیلیش بۆ سەر غەززە لە (٢٠٠٩)، وڵاتانی ئوردن و میسرو سعوديە

و دەسـەڵاتی فەلەسـتین لایەنگیـری ئیسرائیلیـان کـرد، تائـەو سـاتەش ئابلّوقـە خراوەتـە سـەر فەلەسـتین و غـەزە لەلایـەن عـەرەب خـۆی، سـەربردەی زۆرهەیـە لـە کوردسـتان لـە دوای دروسـت بـوونی ئیسرائیـل خەڵـکی وەك جیهـاد بـۆ شـەڕی فەلەسـتین چووینـە لەلایـەن ڕژێمـە عەرببیـەکان گیـراون .

لـە ئیسـتادا ئیسـتعمار یـان ناتـۆ پاسـەوانی سـنورەکانی سـایکس بیکـۆ نیـن، بەڵکـو ئـەو دەوڵەتانـەی پێـی دروسـت بـوون ئەوانـە پاسـەوانی سـایکس بیکـۆن کـە بـە ئۆتۆماتیکی دەبنـە پاسـەوانی سـنورو کیانـی ئیسرائیـل .

**چوارەم -دیاردەی قبوڵکردنی ئیسرائیل لەلایەن عەرەبەوە :**

عـەرەب بەرگـری زۆر لاواز بـوو، گەلێـک جاریـش سـازش و یارمەتیـدەر بـووە، سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم تەیاریـکی فـراوانی عـروبی پێـی وابـوو ئەسـلی عـەرەب و یەهـودی لەیەکـتر نزیکـن، بۆیـە پیویسـت بـە هاریـکاری تایبەتـە جیا لەگـەڵ میللەتـانی تـر، هـەروەك لـە پێشـەکی ڕێکەوتنامەکـەی (مەلیـك فەیصـل – وایزمـان) هاتـووە، لـەو کاتیـەوە نـاوە نـاوە پـرۆژەی پێکـەوە ژیـان بەیەکلایـەنی لـەلای عـەرەب هاتـووە ، لەسـاڵی ١٩٤٢ کۆمەڵەیـەکی هاوبەشـی عـەرەبی و یەهـودی بەنـاوی (جمعیـە اخـود) دروسـت بـوو، بـۆ لێـك نزیـك کردنـەوەی هـەردوو لا، پێـی وابـوو چـارە ئەوەیـە دەوڵەتیـکی هاوبـەشی یەهـودی وعـەرەبی دروسـت بێـت، پێشـووتریش وەهـا کۆمەڵەیـەکی تـر بەنـاوی (جمعیـە بریـت شـلوم) دروسـت ببـو، نزیـك لـەو ڕایـە کۆمەڵێـك بڕیـاڕ و پـرۆژە دەرچـوو، بڕیـاڕی ٢٤٢نەتـەوە یەکگرتـوەکان، پـرۆژەی دالاس، پـرۆژەی جۆنسـۆن، پـرۆژەی شـا عبداللـە ١٩٣٨فەلەسـتین بخرێتـە سـەر ئـوردەن و ئۆتۆنۆمیـش بـە یەهـودی بدرێـت، لـە سـاڵی ١٩٤٨پرۆژەیـەکی ترسـناکی دابـەشی فەلەسـتین کرا:نابلـس وقـودس بخرێتـە سـەر ئـوردەن، جلیـل بـۆ لبنـان، غـەزە وبئر السبعە بـۆ میـسر، باقیەکـەی تـر بـۆ دەوڵـەتی یەهـودی، دوو سـەربازگەش بۆ بەریتانیا بمێنێتـەوە، دوای ئـەوەی ئیسرائیـل بـە هێـز بـوو سیسـتەمی پـرۆژەکان گـۆڕان ، ئـەو جـۆرە گەلالانـە بـەردەوام بـوو، بـەو دواییـە پرۆژەیـەکی تـر (وولاتێـکی هاوبـەش بەنـاوی ئیـسرا سـتین) کـە لـە کتێبـی سـپی(کتاب الابیـض) معەمـەر قـەزافی بڵاوکرایـەوە، پێشـوو تریـش هەمـان نـاو و چـارە لەلایـەن فەلەسـتینیەکان (ئەنتـۆنی یاقـوب وابراهیـم ئەعـما )لەسـالی ١٩٣٧ پێشـنیاریان کردبـوو دەوڵەتیـکی ئیسرائیـلی وفەلەسـتینی هاوبـەش بـە نـاوی (ئیسراستین)دروسـت بکرێـت، دەبـێ بشـڵێین تـا ئـەو ساتەش دانیشـتوی بـە ڕەگـەز عەرەبـی ئیسرائیـلی هەیـە ئەندامـە لـە کنیسـتی ئیسرائیـل (پەرلەمـان) ، ئـەو هێـزە عەرەبیانـەی بەشـداری ژیـانی سیاسـی ئیسرائیلـن بریتیـن لـە:( الجبهـە الدیمقراطیـە للسـلام والمسـاواە)،( القائمـە العربیـە الموحـدە )،( الحرکـە الإسـلامیە الجناح الجنوبی-رائدصلاح)، (الحـزب العربـی للتغییـر )( التجمـع الوطنـی الدیمقراطـی) .. ئـەو حـزب ولایەنانـەی عـەرەبی سـەروو بەشـداریان لەهەلبـژاردنی ئیسرائیـل کـردوە بـۆ بەئەنـدام بـوون لـە کنیسـتی ئیسرائیـل، هەنـدێ لـە ئەندامانیـان لەکنیسـتە: عەزمـی بەشـارە ،هەریەکـە لـە (عبدالملـك الدهاشـە –ایـوب القـرا- محمدبرکە)گەیشـتنە ئاسـتی جیگـری سـەرۆکی کنیسـت ،هەندێکیـان لەسـەر لیسـتی حـزبی ئیسرائیـلی یەهـودی چووینـە یەکەمیـان رۆسـتم بسـتونی بـوو ،ئینجـا حمدعـمار لەسـەر لیسـتی (اسرائیـل بیتنا)چـوە ،امیـل حبـی لەسەرلیسـتی(راکاح-حـزبی شـیوعی) ،امـل نصرالدیـن (لیۆکیـۆد) ،الیـاس نخلە(اخـوە الیهودیـە العربیـە) ،چەندینیشـیان گەیشـتنە پلـەی وەزیـر (غالـب مجادلە-صالـح طریف-عبدالعزیـز الزعبی)،ئافـرەتی عەرەبیـش ئەندامـی کنیسـە (حنیـن زعبی-حسـنیە جبـارە) ، لـەوەش خراتـر زیاتـر لـە ٣٠٠٠ عـەرەب لـە ڕیـزی سـوپای ئیسرائیلیـن .

زۆر زانیـاری و خاڵـی تـر هەیـە ئاشـکرای دەکات کـە عـەرەب خـۆی یارمەتیـدەری دروسـت بوونـی ئیسرائیـل

بوونـە، خۆیـان فەلەسـتینیان دۆڕانـدوە، لـەدوای ئـەو دۆڕاندنـە ئینجـا بزوتنـەوە ئیسـلامیەکان هاتوونەتـە پێشـەوە، حەمـاس و جیهـادو حـزب اللـه لـە دوای هەشـتاکانی سـەدەی بیسـت لەگەرمـەی سـەوداو دۆڕانـدن هاتوونـە مەیدان .

**پینجەم- ڕۆڵی کورد و ڕۆڵی عەرەب لە بەرگری ئیستعمار:**

لەوکاتـەی سـەڵاحەدیین ئەیوبـی خـۆی ئامـادە دەکـرد قـودس رزگار بـکات، لـەو دەمـی هـەر ڕۆژهی ئەمیرێـك لـە ئیمارەتـە عەرەبیـەکان لـە ژێـرەوە پەیوەنـدی بـە خـاچ پەرسـتان ئاشـکرا دەبـوو، هەروەهـا ئەوکاتـەی شـێخ سـعیدی پیـران شـۆرش دەکا بـۆ بەرگـری ئـا لەوەدەمـەی بەشـێك سـەرکردەکانی عەرەب خیانـەت لە خەلافـەت دەکەن و کیانـە عەرەبیـەکان لەگـەل بەریتانیـا لـە ژێـرەوە ڕێکدەکـەون : لەگەل(قواسـمەکان) لـە ٦/فبرایـر/١٨٠٦، لـە١١ / ینایـر/١٨٢٠ لەگـەل شـیخەکانی(رأس الخیمـە، ابوزەبـی، بحریـن، عجـمان، ام القیویـن،..)، دوای هاوپەیمانیەکـی تـر لەگـەڵ ئەبوزەبـی لـە١٨٩٢، لەگـەل سـعودیەش ڕێکەوتنـی قەتیـف، (دەقـی ڕێکەوتنـەکان لەکتێبـی ایـران والخلیـج العـربي ص٤٢-) زۆربەشـیان بەپەنجـە مۆریـان کـرد چونکـە خوێندەواریـان نەبـوو، پێشـوو تریـش لەسـاڵی ١٧٣٧ بـە سەرپەرشـتی بەریتـانی ڕێکەوتنامەیـەکی نێـوان (حمـدی کـوری ئـال سـعود و ئیـمام محمـد بـن عبدالوهـاب) مـۆر کرابـوو، لـە میسریـش ڕێکەوتنـی وا لـە ١٩ ینایـر و ١٠ یولیو/١٨٩٩گرێدرابـوو، لـە سـاڵی ١٩١٥ش ڕێکەوتنـی شریـف لەگـەڵ ماکماهـۆنی بەریتـانی مۆرکـرا، بـووە هـۆی سـەرکەوتنی گـەورەی بەریتانیـا بەسـەر خیلافـەتی عوسـمانی، دوای بـە یـاوەری (لۆرانـس) هێرشـیان کـردە سـەر خەلافەتـی عوسـمانی. لـەو کاتـەش شـیخ محمـودی حەفیـد لـە خـوارووی عێـراق خەریکـی بەرگـری بـوو لـە خەلافـەت بەهاوپەیمانـی مەرجعـی شـیعەکان (ئایەتـولا شـیرازی) ، بـا خوێنـەری ئێسـتای کـورد و عـەرەب و خەڵکـی تریـش ئاگاداربـن چەنـدە هەڵەکـی گەورەیـە بەکـورد دەڵێـن ئیسرائیلـی دووەم .

**کوردستان لەستراتیجیەتی ئیسرائیلدا**

هەرچەنـدە یەهودیـەکان لـە کوردسـتان هەبووینـە، بـە ئاسـایی ژیـاون لەچـاو وولاتـانی تـر کۆمەڵگـەی کـوردی تاڕادەیـەک باشـتر بووینـە لەگەڵیـان، توانیویانـە موڵـک وماڵیـان هەبێـت لـە دەرەوەی شـارەکانیش، کاهینێـکی گەڕیدە هاتبـوە کوردسـتان سەرسـام بـوو بـەو تەباییـەی نێـوان کوردسـتانیەکان لـە ئاینـە جیاجیـاکان کتێبێـکی نوسـیبوو بەناوی(مهـد البشریـە)، زۆر باسـی پێکـەوە ژیانێکـی باشـی کـردووە .

پەیوەندیەکـی نەرێنـی لـەدوای داسـتانەکانی سـەڵاحەدیین ئەیوبـی هەبـووە لەنێـوان کـورد و یەهـود، ئیـتر لەسـەردەمی جەنگـی یەکەمـی جیهانـی(١٩١٤-١٩١٨) ئـەو پەیوەندیـە لاوازە کۆمەڵایەتیـە دووبـارە دەبێتـەوە، لـە شۆڕشـی ئەیلـول زیاتـر بەرجەسـتە بـووە و ئاسـتی دیپلۆماسـی و هەواڵگـری وەرگرتـوە، ئـەو جـۆرە پەیوەندیـە زیاتـر مانـای (پەیوەنـدی ئیسرائیـل و کـورد ) ی بەخشـیە کـە لەسـەری دەوەسـتین .

چەندیـن نوسـین و ناملکـە و توێژینـەوە کـراوە لەبـارەی پەیوەنـدی کـوردو ئیسرائیـل، زۆربەیـان لەلایـەن ناحـەزان نوسرایتـەوە، ئینجـا کوردیـش لـە زمانـی عەرەبـی (یـان لەزمانێکـی تـر) وەریگێڕاوەتـەوە سـەر زمانـی کـوردی، دەزگای سـتاندەر بـۆ یەکـەم جـار ڕاسـتەوخۆ زانیاریەکانـی لـە ئەرشـیف وبەڵگەنامەکانـی ئیسرائیـل وەرگرتـوە بـۆ

ڕوونکردنــەوەی ئــەو جــۆرە پەیوەندیــە، لەزمانــی عیــبری بــۆ زمانــی کــوردی ڕاســتەوخۆ، بوویتــە توێژینەوەیــەی ژ:٤٠ی ســتاندەر بەناونیشــانی ( پەیوەنــدی نێــوان کــورد و ئیسرائیــل لەبەڵگەنامــە و ئەرشــیفی ڕاگەیاندنــی دەوڵەتــی ئیسرائیــل- ئەندازیــار شــوان حســین )، ئەوانــەی بــە عەرەبــی نــوسراوە زۆربــەی وای پێشــان داوە کــە بزوتنــەوەی کــورد بەفیتــی ئیسرائیــل دروســت بــوەو دژی عــەرەب وپرســی فەلەســتین، جاریــش وایــە هەنــدێ ڕۆشــنبیری کوردیــش پێــی کاریگــەر بــووە، ئــاگای لــەوەی نەبــووە کــە عــەرەب وتورك(بەتایبەتــی ئیتیحادیەکانــی تــورك) زیاتــر خاوەنــی ئــەو پەیەوەندیــەن، ئــەوەی خۆشــحاڵیە لەمێــژوودا یــەك ســەرکردەی کــورد نەبــووە بیریشــی لــە وواڵتفرۆشــی یــان بەشــێك بفرۆشــی ولەژێــرەوە پەیوەندیــدار بووبێــت بــە پرۆژەکانــی ئیســتعمار، لــەو هەمــوو مەلەفــدارەی عــەرەب لــە وەزارەتی هەواڵگری بەریتانی تەنانــەت نــاوی یــەک شــێخ و کەســایەتی کــوردی تێــدا نەبــووە، بــە پێچەوانــەوە یەکــێ لەهۆیەکانــی ڕاپەرینــی شــێخ عەبدولســەلام بارزانــی لــە کوردســتان لــەدژی ئتحادیەکانــی تــورك ئــەو خــاك فروشــتنە بــوو، هــەر لــەو توێژینــەوەی ســتاندەر ئــەوەش دەرخــراوە کــە مــەرج نیــە هەمــو ئــەو بەلگەنامانــەی ئیسرائیلیــش لەبــارەی کــورد ڕاســت ودروســت بێــت وەك لــەو بڕگەیــەی خــوارەوە زیاتــر ڕوونــی دەکەینــەوە .

بەڵگەنامــەی ئیسرائیلــی لەبــارەی پەیوەنــدی لەگــەڵ کــورد دەقیــق نیــن : زۆر جــار خوێنــەرو توێــژەری کــورد زۆر پشــت بــە بەڵگەنامــە دەبەســتێت، وەک دروســت تریــن ســەرچاوە، کەچــی هەنــدێ لــەو بەلگەنامانــە زۆر دروســت نیــن، بەتایبــەتی ئەوبەلگەنامانــەی ئیسرائیــل لەبــارەی پەیوەنــدی خۆیــان و کــورد ئەوەنــدە دروســت نیــن، بەداخــەوە نوســەرانی عــەرەب زۆر ئیعتمادیــان کردۆتــە ســەر ئــەو بەلگەنامانــە، بەهــۆی ئــەو بەڵگەنامانــە حوکمیــان لەســەر کــورد داوە، بۆنمونــە ئــەو زانیاریانــەی خــوارەوە لــە بەڵگەنامــەی ئیسرائیلــی هەیــەو ڕاســتیش نیــە ،لەوانــە:

١-ئــەو بەڵگەنامانــە بریتیــن لــە ئیفــادەی ئیسرائیلیــەکان خۆیــان، هەوڵیــان داوە ســەروەریەکی زۆر بــۆ خۆیــان پەیــدا بکــەن لەســەر حیســابی کــورد، وەك نوســیویانە ئــەوان سەرپەرشــتی وســەرکردەی شــەڕەکانی بەرگــری کوردســتانیان کردبــێ، بەتایبەتــی داســتانی هندرێــن، مــەرج نیــە ڕاســت بێــت، چونکــە لــەو شــەڕەدا حزبــی شــیوعیش بەشــدار بــوە، ئەگــەر وابوایــە ئــەوان قەبولیــان نەدەکــرد، بــەڵام زانیــاری نوێــی تێدایــە دەشــێ ڕاســت بێــت، ئێمــە ناتوانیــن لەجیاتــی (پ د ك) وەڵام بدەینــەوە ئــەوان تــا ئیســتا وەڵامیــان نیــە .

٢- لــەو بەڵگەنامانــە هاتــوە و دەڵێــن ئێمــە پلــەی جەنەڕاڵمــان بــە بارزانــی بەخشــی، کاتــی خۆشــی دەنگۆیەکــی واهەبــوو گوایــە لــە ســۆڤیەت وەریگرتــوە، ئــەودوو زانیاریانــە ڕاســت نیــن، ڕاســتیەکەی ئەوەیــە: پلــەی جەنەڕاڵــی لەلایــەن قــازی محمــد پێــی درا، بارزانــی خــۆی ســەربردەکەی گیڕایتــەوە بــۆ ڕۆژنامەنوســیکی ئەمریکــی بەنــاوی (ئــادم شــمیت) ، دەڵــێ کاتــێ کــە ســەرکەوتنی گەورەمــان بەدەســتهێنا لەشــکاندنی ئەوئابلوقــەی ئێران ســەپاندبوو بەســەرکۆماری مهابــاد لەســێ لاوە، ئــەو کاتــی جەنەرالیەکــەم پــێدرا، بەمــن و دوو فەرمانــدەی تــر ،ســەرەڕای ئــەوەش بریماکــۆف (کۆنــە وەزیــری دەرەوەوســەرۆك وەزیرانــی ســۆڤیەتی) لــە کتیبەکــەی (شرق الاوسـط المعلـوم والمخفـی) دەڵێــت ئــەو زانیاریــەی لەبــارەی وەرگرتنــی پلــەی جەنەرالــی لەســۆڤیەت هیــچ بنچینەیەکــی نیــە، دەڵــێ خــۆم لەبارزانیــم پرســی ئــەو پڕوپاگندەیــەی جنرالــی چیــە دژی تــۆ دەکــرێ؟ بارزانــی لەوەڵامــدا ووتــی مــن جلێکــی عســکری بەپلــەی جنرالیــم لەفرۆشــگایەکی ســەربازی مۆســکۆ کــڕی وێنەیەکــم پێگــرت، ئــەو وێنەیــە کەوتــە دەســت بەریتانیــەکان وئــەو پروپاگەنــدەی لێکەوتــەوە، ئەگینــا پلــەی جەنەرالیــم لــە مهابــاد وەرگرتــوە .

ئەوە زانیاری لای ئێمەیە، دەشێت لەلای خۆیانەوە ئیسرائیلیش پلەیەکی وای بە مەلا مستەفا دابێت ئێمەی کورد ئاگادار نەبووینەو تا ئیستا لەهیچ سەرچاوەیەکی کوردی ئەوە باسنەکراوەو یەکەم جارە بۆیە دیسان پێویستی بە وەلامی ( پ د ك)هەیە ئاخۆ راستە یان نا ؟

٣- ئەگەر پەیوەندی ئیسرائیل وکورد وا بەهێز بوایە ئەوکارەساتەی سالی ١٩٧٥ بەسەر شۆرشی کورد نەدەهات، ئینجا سەرۆکی شۆڕشی ئەیلول لە شەڕە بەناوبانگەکەی ئیسرائیل وعەرەبی ١٩٦٧ هەستا بەوەستاندنی شەڕی یەکلایەنە بۆ ئەوەی عێراق بتوانێ دەوری خۆی ببینێت لەو شەڕە، ئەوە لەو کاتە بوو سەرکردەی عەرەب لەژێرەوە سیخوری بۆ ئیسرائیل کردوە، مەلیکی عەرەبی واش هەبوە بەکۆپتەر چوویتە ئیسرائیل نەخشەی شەڕەکەی بۆ بردوون (بەلگەنامە هیە ) .

٤- بەگشتی لەو پەیوەندیانەی کوردو دەرەوە هەست دەکرێت بارزانی خۆی زیاتر شارەزای باشتر هەبوە(نسبیەن) و ووریا تر بوە لەخۆ ساغکردنەوە بەلای ڕۆژهەلات ورۆژئاوا یان عەرەب وئیسرائیل ، کەچی کوڕەکانی بەتایبەتی کاك مسعود بارزانی هاوشێوەی باوکی شارەزاییەی نەبووە تا ئەوساتەش، بۆیە نەیانتوانیوە سود لەو پەیوەندیانە وەرگرن و کێشەی کورد بگاتە ئاستێکی دەولی، کەواتە دەشێت دوو جۆرە پەیوەندی ئیسرائیل و سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلول لە دوو ئاست بووە، ئەوەی لەگەل خودی مەلا مستەفا بووە جیا بووە لەگەل ئەوەی لەگەل (پ د ک)و دەزگای پاراستن هەبووە، خودی مەلا مستەفا پەیوەندیەکانیان نۆرمال بوەو ویستویەتی لەقازانجی کورد بێت، هەمو گەلاَلەیەکی قەبول نەبووە، کەچی ئاستی دووەم (واتە پەیوەندی ئیسرائیل لەگەل غەیری مەلا مستەفا ) هاریکاریەکانیان لەگەل ئیسرائیل ئەوەندە سنوری نەبووە.

**بۆ زیاتر لەو بەراوردە و سروشتی پەیوەندی بارزانی لەگەل ئیسرائیل کەمێک دەگەڕێینەوە لای بەڵگەنامەکانی ئەمریکاو بەریتانیا نەک بەڵگەنامەی ئیسرائیلی :**

مەلا مستەفا لەڕێی کەنالی جیا جیا لەگەل خەلکی یەهودی دەسەڵاتداری ڕۆژئاوا یان هەتا ئیسرائیلیش دانیشتبێ، بەڵام ئەوەی گرنگە هەر پەیوەندیەك هەبوبێت بۆ کاتی تەنگانە بوە، چ کاتەك بۆ ئیسرائیل لە جەنگی سالی ١٩٦٧ تەنگاوترنەبووە، لەبەڵگەنامەی ئەمریکی-تیلیگرام:١٨٣ ڕۆژی١٩٦٦/٨/١٩ لەبەغدا بۆ وەزارەتی دەرەوە دەڵێت وەفدێکی ئیسرائیلی سەردانی بارزانی کردوە بۆ ئەوەی لەکاتی شەڕ هەڵگیرسان پێشمەرگەکان بتوانن چالاکی دژ بە عێراق بکەن تا نەتوانن بەشداری شەڕی ئیسرائیل بکەن، کەچی ئەوەی بینیمان ئەوەبوو مەلا مستەفا لەگەرمەی شەڕی ئیسرائیل وعەرەب یەکلایەنە شەڕی ڕاگرت و داوای لە سوپای عێراقی کرد بچێت ئەرکی ئیسلامی خۆی ببینی و بچێتە یارمەتی عەرەب، ئەوەی جێی سەرنجە لەو کاتەی کە عەرەب دەڵێن بارزانی سەر بە ئیسرائیلە وەك بوختان لەلای ڕۆژئاواش بوختانی شیوعیایەتی ونزیك لە سۆڤیەت دەدرا پاڵی، لە بەڵگەنامەیەکی بریتانی ژ:٦٣/٢٢٩/١٠١١٤ لە بالیۆزخانەی بەریتانیاوە بۆ وەزارەتی دەرەوە لە سالی ١٩٦٣باس لەوە دەکا کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا(مستەر دالاس) پێی وایە بارزانی داڵدەدراوی شیوعیە و نزیکە لە سۆڤیەت، تەنانەت لە هەندێ سەرچاوەی ڕۆژئاوای بارزانیان بە (مەلای سوور-Red mulla) ناوزەدکراوە -بۆ ئەو زانیاریەی دوایی بڕوانە: (کوردو کوردستان لە بەلگەنامەی بەریتانی ل٣٧٣-٣٧٤ ) .

ئـەو کورتـە زانیاریانـە وەك نمونـە باسـكران، ئەگینـا زیاتـر هەیـە دەیسـەلمێنی بەڵگەنامـەی ئیسرائیلـی لەبـارەی پەیوەنـدی ئیسرائیـل وكـورد دەقیـق نیـن، لـە نـاو هەنـاوی ئـەو زانیاریـە هەڵانـە دوولا لێـی بـە هەڵـەدا چوونـە، لای یەكـەم هەنـدێ ناشـیۆنالیزمی كوردیـە و سـۆزی بـۆ ئیسرائیـل دروسـت بـووە، لای دوەمیـش ناشـیۆنالیزمی عەرەبیـە ڕقـی بـۆ كـورد دروسـت بـوەو پێـی وایـە كوردسـتان ئیسرائیلـی دووەمـە .

**كوردستان ئیسرائیلی دووەمە یان مەینەتیەكەی وێچووی فەلەستینە**

لـە ڕاڤـەی زاراوەی (قضیـە شرق الاوسـط) جـاران مەبەسـتیان كێشـەی عـەرەب وئیسرائیـل بـوو، لـە هـەر نـۆ پرۆژەكـەی جیهـانی لەبـارەی ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـت هـەر ئـەوە دووبارەكرایـەوە، لـەلای عەرەبیـش هەروابـوو دان بەبـوونی كێشـەی تـر نەدەهێـنرا، تەنانـەت لـە فەرهەنگـی (حـزب التحریـر الاسـلامی) دەلـێ لـە ٩٠٪ی كێشـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بریتیـە لـە كێشـەی فەلەسـتین( مفاهیـم سیاسـیە لحـزب التحریـر، ص٩٩ ) ، بۆیـە نـاوی (قەزیـەی مەركـەزی) بـۆ دیـاری كـراوە، هەتـا بەشـێكی زۆر لـە ماركسـیە كـوردەكان و ئیسـلامیەكانیش وای ناودەبـەن، ئێسـتا دەركەوتـوە كۆمەڵێـك كێشـەی تـری سـەختی تیایـە، هەروەهـا میللەتـانی ناوچەكـەش نەكەوتنـە بەختیـاری، لەوانـە دۆزی كـورد، ئەویـش لـە هەمـان بارودۆخـی كێشـەی فەلەسـتین دروسـت بـوە، هـەردوو دۆز گرنـگ وسـەرەكی وناوەندیـە، بـۆ ئـەو مەبەسـتە هەنـدێ لای وێكچـووی كوردسـتان وفەلەسـتین بـاس دەكەیـن، ئـەو وێكچوونـە پەیامێكـە بـۆ هەنـدێ ناشـیۆنالیزمی كـورد كـە لـە هـەوڵ و تەقەلادایـە كـورد و ئیسرائیـل وێكبچوێنـی و لەهەمـان كاتیـش پەیامـە بـۆ هەنـدێ ناشـیۆنالیزمی عەرەبـی كـە دەیـەوێ بیسـەلمێنی دەوڵـەتی كوردسـتانی واتـە ئیسرائیـلی دووەم، بـەو شـێوەیە هـەردوولای توندڕەوی كوردی وعەربـی لـەو ڕووەوە پێـك دەگـەن، بـەڵام ئـەو بۆچوونـە بەتـەواوی چـەوت و ناڕاسـتە، وەک لەخـوارەوە وورد تـر دەردەكـەوێ دۆزی كـوردو دۆزی فەلەسـتینە لەجەوهـەردا یـەک دۆزە بـەو شـێوەی خـوارەوە :

١ـ كوردســتان وفەلەســتین لــەدوای جەنگــی یەكەمــی جیهــانی(١٩١٤-١٩١٨) ولــە كۆنگــرەی (ســایكس بیكــۆ) نەخشــەی دابــەشی ومەینەتیــان بــۆ دانــرا و لــە ســیڤەر جێبەجــی كــرا .

٢ـ مەینـەتی هـەردوولا لەیـەك كارخانـە دروسـت بـووە، داگیركـەری هـەردوولا لـە سـایكس بیكـۆ بناغەڕێژكـراو لە(بـەشی ٧ی سـێڤر)جێبەجێ كـرا، عێـراق بـە پێـی مـادەی ٩٤ دروسـت بـوو، بەگشـتی تـر: عێـراق و سـوریا وفەلەسـتین وئیسرائیـل بەپێـی مـاددەكانی (٩٤-٩٩)، میـسر بەپێـی مـاددەی (١٠١-١١٣)، سـودان لـە (١١٣-١١٤)، مەغریـب و تونـس لـە مـاددەی (١٨٨-١٢٠)، لیبیـا لـە مـاددەی (١٢١-١٢٢)، حیجـاز بەپێـی مـادەكانی (٩٨-٩٩)، هەرچـی ئیسرائیلـە بـە مـادەی ٩٥ لـە چوارچێـوەی مادەكانـی (٩٤-٩٩)، وولاتانـی تـری ناوچەكـەش بەهەمـان شـێوە دەوڵەتـی توركیـاش بـە مـادەكانی ٢٧ و١٣٢ و دوایـش لـە ڕێكەوتنامـەی لـۆزان تـەواو بـوو (دەقـی ئـەو مادانـە لـە پاشـكۆی ئـەو نوسـینە بلاودەكەینـەوە ) .

٣ـ كوردسـتان بـە پێـی بڕیـارەكانی سـایكس بیكـۆو سـان ریمـۆو لـۆزان بـۆ چـوار بـەشی سـەرەكی دابـەش كـرا فەلەسـتینیش بـە هەمـان بڕیـارو لەكۆتاییەكـەی بـە بڕیـاری١٨١و هاوپێچـەكانی (نەتـەوە یەكگرتـوەكان) بـۆ چـوار پارچـە دابەشـكرا، بەوشـێوەیە: ٥٪ی بـۆ دەوڵـەتی ئیسرائیـل ،ناوچـەی قـودس بـۆ نێـود هوڵـەتی ، قەتـاع غـزە بـۆ میـسر، (ضفـە الغربیـە) بـۆ ئـەردەن لـە ١٦/ ١٢ /١٩٤٩ ئوردەنیـش بـە فەرمـی وەری گـرت (القامـوس السیاسـی-

ص٧٥٣ ) ، بـۆ یەکـەم جـار لەسـاڵی ١٩٥٠ئـوردەن نـاوی لـەو ناوچەیـە نـا (الضفـه الغربیه)لـەدوای ئـەوەی لەگـەل ئیسرائیـل ڕێـك کەوتـن،دوای ئیسرائیـل لـە ١٩٦٧ داگیـری کـردوون.

کەواتـە گـەلی فەلەسـتینش وەك گەلـی کوردسـتان هـەم دابەشـکران و هـەم بـێ بـەش کـران لـە مـافی چـارەی خۆنـوسی و بەدەوڵـەت بـوون، فەلەسـتینش وەك کوردسـتان دابـەش کـرا بـۆ چـوار بـەش.

٤ ـ هـەردوولا بـە پێـی (مـادەی ٢٢ی بـەشی یەکەمـی پەیماننامـەی کۆمەڵـەی گەلان)کەوتنـە ژێـر سیسـتەمی ئینتـدابی دەوڵەتـە داگیرکەرەکـە و لەوێـش بـۆ ژێـر ئینتـدابی بەریتـانی.

٥ـ بـە هـۆی ڕێکەوتنـی مەلیـك فەیسـەڵ وحایـم وایزمـان، عێـراق وئیسرائیـل دروسـت کـران و هـەردوو گەلـی فەلەسـتین و کوردسـتان کەوتنـە مەینەتـەوە (دەقـی ڕێکەوتنەکـە لەپاشـکۆی ئـەو نوسـینەیە ) .

٦ـ هـەردوولا ئـەو ڕێسـایەیان بەسـەر پیادەدەبێـت کـە جەمـال عەبدولنـاسر بـۆ (جـۆن کەنـەدی) نوسـیویەتی لەوەڵامـی ئەودروشـمەی هرتـزل (نیشـتمانێکی بـێ خـاوەن بـۆ میلەتێـکی بـێ نیشـتمان)دەڵێ: فەلەسـتین نیشـتمانی بێ خـاوەن نیـە تـا پێشـکەشی میلەتێـکی بـێ نیشـتمان بکرێـت (فلسـطین فی رسائل عبـد الناصروکنـدی ص٢٢) ، کوردسـتانیش ئـاوا نیشـتمانێکی بـێ خـاوەن نیـە .

٧ ـ هـەردوولا دووچـاری داگیرکاریـەکی دەوڵـەتی تـازە دروسـتکراو و نامـۆ بـوون، وەك نمونـە دەوڵـەتی عێـراق وەك دەوڵـەتی ئیسرائیـل دروسـت کـراوە، تـا ئـەو سـاتەش نـە دامەزرێنەرەکـەی دیـاری کـراوە نـە ڕۆژی نیشـتمانیشی، بەهەمـان شـێوە دەوڵەتـی تورکیـا و دەولەتـی سـوریاش تـازە دروسـت ببـون .

٨ـ هـەردوولا دووچـاری چەوسـاندنەوە و پاکتـاوی ڕەگـەزی بوونـەوە، لـە فەلەسـتین (بەیەهـودی کردن)لـە کوردسـتانیش (بەعـەرەب کـردن)، ژمـارەی یەهـود پێـش سـایکس بیکۆ(١٨٩٠ز)لـە فەلەسـتین ٢٠٠٠٠یەهـودی بـووە ، سـاڵی١٩٤٧ گەیشـتە ١٠٠٠٠٠ کـەس، سـاڵی دوای بـووە ٢٠٠هـەزار، بەهەمـان شـێوە ژمـارەی عـەرەب لەکەرکوك پێش سـایکس پیکۆ وەك لـە (قامـوس الاعلامـی عوسـمانی) دەڵـێ کەرکوك شـارێکی کوردسـتانیە و٤/٣ی کـوردن، ئـەوەی تریـشی تـورك وعەرەبـن، ٧٦٠ جوولەکـە و٤٦٠کلـدانی لێیـە. لـە نێـوان هەردووئامـاری ١٩٥٧ و١٩٧٧ عـەرەب لـە کەرکـوك لـە ڕێـژەی ٢٨٪بـەرز بـۆوە بـۆ٤٤,٤ ٪، هەرچـی کـوردە ڕێـژەی کـەم بۆوەلـە (٤٨,٣ ٪) بـۆ(٣٧,٦ ٪.

٩ـ شـۆرشی هـەردوولا بەتیـرۆر و تێکـدەرو نـاوزەد دەکرێـن، لـە پرۆتۆکـۆلی(ژ:١٩) شـۆرش بـە (سـەگ بـە فیـل ڕەویـن ) وەسـف دەکات .

١٠- هـەردوولا بەڵێنـی مافیـان پێـدرا دوای جینوسـاید کـران، لـە بەڵێنـی بەلفـۆر بـاس لـە ڕێـزی مـافی عـەرەب لـە فەلسـتین کراوە،جلـە کۆنگـرەی قاهیرەجـو وەرگیـرانی عێـراق لـە عوسـبە مـافی کـورد بـاس کـراوە، بـۆ هیـچ لایـەك حێبەجـێ نەکـرا.
...لەگەل زۆر لای تری لێکچوو..

لەسـەر ئـەو بنچینـە قووڵانـە هەمـوو لایەنـە کوردسـتانیەکان بەفەرمـی (دژایەتـی ئیسرائیلی)و(دۆسـتایەتی فەلەسـتینیان) تۆمـار کـردوە، وەك لەسـەروو لـە شۆرشـی ئەیلـول پیشـانماندا، هەروەهـا لـە بەیانـی دامەزراندنـی (ی ن ك) لـە ١٩٧٥/٦/١ز ناسـنامە و هێڵـە سـورەکانی دیاریکـردوە تـا دۆسـت ودوژمنـی خـۆی تیایـدا دیـاری بـکا واهاتـووە - دوژمنـەکانی بریتیـن لـە( ئیمپریالیزمـی ئەمریـکی وئیسرائیـل)وەك دیـارە ئیسرائیـل بەدوژمـن پۆلیـن کـراوەو فەلەسـتینیش بـە دۆسـت، ئـەوە گـوزارش لەبنەمـای ئاسایشـی کوردسـتان، بـەو جـۆرە لایەنەکانـی تـری بەشـەکانی تـری کوردسـتانی .

**تێبینـی : لـەو گفتوگۆیانـە نـاوی ئێرانـی تێـدا نیـە هۆکارەکـەی ئەوەیـە هەمـو ڕێکەوتـن دابەشـیەکان لەسـەر میراتـی عوسـمانیە کەلەجەنـگ دۆڕان .**

**ستراتیجیەتی ئیسرائیل سەبارەت بە پەیوەندی لەگەل کورد**

بـۆ لێکۆڵینـەوە لەسروشـتی ئـەو پەیوەندیـە سـێ ئاسـت وەردەگـرێ، یەکەمیـان لـە سـەر ئاسـتی تیـۆری ودوەمیـان لــە سـەر ئاسـتی بەلگەنامەیـی وسـێیەمیان لەسـەر ئاسـتی کـرداری، لەیەکەمیـان دەسـت پێدەکەیـن : لەبەرئـەوەی دەوڵـەتی ئیسرائیـل زادەی سـایکس بیکـۆو ئـەو نەخشـەیەی ئیسـتای ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتە، لەکاتێـکا کرۆکـی سـتراتیجیەتی بزوتنـەوەی رزگاریخـوازی کـورد بریتیـە لـە تێکچـوونی نەخشـە و سـایکس بیکـۆو دیزاینـی ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـت، کەواتـە بـە تـەواوی ئـەو دوو سـتراتیجیە پیچەوانـەی یەکـترن، ئیـتر بنەمـاکانی ئاسـایشی نەتەوەیـی ئیسرائیـل لەسـەر ئـەو دوو ئاڕسـتە پێچەوانـە داڕژراوە، لـەو هاوکێشـە ئالـۆزەی هـەردوو لادا بەسـانایی دەردەکەوێـت کـە هـەر جـۆرە پەیوەندیەکـی کـورد و ئیسرائیـل ناگاتـە ئاسـتی (پەیوەنـدی سـتراتیجی) واتـە نـاوی کـورد ناتوانـی لـەوەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیـل بـە (هاوپەیـمان) تۆمـار بـکات، بەهەمـان شـێوەش ئەگـەر کـورد بیـەوێ ڕێرەوێـك بگرێتـە بـەر بـۆ مافـی چارەنـوس ئـەوا ڕووبـەڕووی دیـوارو هێڵـی سـووری پتـەوی ئیسرائیـل دەبێتـەوە، ئـەو دیـوار و هێڵـە سـورانەش بریتیـن لـە بنەمـاکانی ئاسـایشی نەتەوەیـی ئیسرائیـل، واتـە بنەمـاکانی بەلفـۆرو سـایکس بیکـۆ و دیزاینـی رۆژهەلاتـی ناوەراسـتن، چونکـە لـەو دەمـەی سـایکس بیکـۆ داڕێـژرا لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت چەندیـن بنەمـا بـۆ پتـەو کـردنی سـایکس پیکـۆ و دیزاینـی سیاسـی رۆژهـەلاتی ناوەڕاسـت داڕێـژرا، تـا بـواری دەسـتکاری وچاکسـازی تیـدا نەمێنیـت، لەوانـە: عـدم المسـاس بالحـدود الاسـتعماریە الموروثـە، بنەمـای ئایزنهـاور، ئاسـایشی نەتەوەیـی ئیسرائیل...هتـد، مانـای وایـە هـەر گۆڕینیـك لـەو نەخشـەیە ڕووبـەڕووی دوو کۆسـپی زۆر گـەورە دەبیـەوە: یەکەمیـان بەرژهوەنـدی بـالای ئیسـتعمارو (ئیسـتا رۆژئـاوا) دوەمیـان ئاسـایشی نەتەوەیـی ئیسرائیـل، واتـە هـەر خـودی ئـەو دابەشـیەی رۆژهـەڵاتی ناوەراسـت بـە پێـی ئـەو دوو سـتاندەرەیە، واتـە ئـەوە دوا دەسـتکاری ودیزاینـە دەسـتکاری تـر چ جیاکردنـەوە چ یەکگرتـن هێـلی سـورە هـەر لێـرەوەش بۆمـان دەردەکـەوی ئـەو پرۆژانـەی دەووتـرێ بەنـاوی پـرۆژەی دیڤیـد-داود یـان دروشـمی (لـە نیلـەوە تـا فـورات) ڕاسـت ودروسـت نیـن ، کەواتـە لێـرەوەو لەدوایـش کـە پـرۆژەکانی چاکسـازی رۆژهـەلاتی ناوەراسـت جـوان تیدەگەیـن تیۆری(تقسـیم المقسـم وتجزئـە المجزأە)چەنـدە پـووچ وبـێ بنەمایـە، تەنهـا زەمینـەی تۆمەتـە دژ بـە میلەتـانی ژێـر دەسـتەی ئـەو ناوچـە دروسـت کـراوە، دژ بەوانـەی کـە بـە ڕاسـتی دەیانـەوێ رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت جیـا بکەنـەوە، هـەر لەوەشـەوە تیدەگەیـن کـە بۆچـی یەکبـوونی عـەرەب هەمـوی شکسـتی هینـا، تێدەگەیـن بۆچـی رۆژئـاوا نەیهیشـت (لـە جەنگـی عێراق-ئیران) عێـراق داگیـر بکریـت، ئـاواش کاردانـەوەی تونـدی بەرامبـەر داگیرکـردنی کویـت لەلایـەن عێراقـەوە بـوو .

ڕاستەوخۆ تر دەتوانین لەو ڕاستیە بگەین کە لەسەروو هاتوەو مافی چارەنوسی کورد لە ستراتیجیتی ئیسرائیل نیە ودەچینە ناو ئاستی دووەم و ئاستی بەلگەنامە، دەتوانین ووردبینەوە لە پرۆژەی ئیسرائیلی چاکسازی ڕۆژهەلاتی ناوەراست بەناوی(الشرق الأوسط الجديد) (پرۆژەی شمعون پیرز پرۆژەکەی ئیسرائیلیش(شمعون پیرس)لە کتێبە کە تێکدان و دەستکاری نەخشەی سایکس بیکۆ نیە، تەنانەت ناوی کوردیشی تێدا نەهاتوە وەك دۆزێك لەناوچەکە، لە پرۆژەکەی ئیسرائیل بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەراست(و هەروەها لەپرۆژەکانی چاکسازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەمریکی وئەوروپی (کە سەرجەمیان ژمارەیان ٩ پرۆژەیە)پێگەی کوردی تێدا نیە لە هیچیان، لە پرۆژەکەی ئیسرائیل زۆر داکۆکی لە (امن الاقليمى) دەکات، زۆر ڕوونە ستراتیجیەتی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان دژی ئەو (امن الاقليمى)یە، (امن الدولى) لەقازانجی کوردە، بەڵام ئیقلیمی نەخێر هەموو ئەمنە ئیقلیمیەکان لەسەر حیسابی کورد بوە و دەبێت، هەر لەو پرۆژهیە لە بارەی (النظام الاقليمى) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باسی چوار تەوەر دەکاو لەکۆتایدا دەگاتە ئەو ئەنجامەی (السلام لكل بلد) ئەوەش ڕاستەوخۆ دژی ئاسایشی نەتەوەیی کوردو مافی چارەنوسیەتی ،ئینجا تەنها باسی ئاشتی عەرەبی وئیسرائیل دەکاو باسی ئاشتی و کیشەی کوردی تێدا نیە (بڕوانە ل٨٦ لە پرۆژەکە) ، هەروەها لەبارەی چارەسەری کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دەڵێت جاران تەنها کیشەی فەلەستین و عەرەب وئیسرائیل بوو ئیستا کێشەی ئایدۆلۆجیای توندڕەوی وتیرۆرو پرسی چەکی ناوکیشی هاتۆتە سەر، دیسان کیشەی کوردی تیدا نیە، بۆیە هەر سەرکردەیەکی کورد ئومیدی بە ئیسرائیل هەبێت بۆ دەوڵەت بوون، بە هەڵەداچوەو شارەزای ووردی سیاسەی دەولی نیە، بە هەمان شێوە هەر عەرەب وتورکێك یان ئێرانیەك کورد تۆمەتبار دەکا بە ئیسرائیلی بوون زۆر نەزانە، لەدوای ڕیفراندۆمیش ئەو ڕاستیانە زیاتر دەرکەوتن ، هەروەها لە ڕووی کرداریشەوە(کە ئاستی سییەمە) وەك لە سەروو لە بابەتی (کورد ئیسرائیلی دوەمە یان وێچووی فەلەستینە ) باسکرا چەندە پەیوەندیەکان تاکتیکی بوە ، تەنها بۆ درێژەکێشانی کێشەکە بوە .

کەواتە هەر جۆرە پەیوەندیەک هەبێت بە هەر ناوو ئەدرێسێک بێت دەچێتە چوارچێوەی تاکتیکی ئەویش ئۆتۆماتیکی دەچێتە خانەی هەوالگری و موخابەراتی ، بۆیە تا ئەو ساتە هەمو پەیوەندیەکانی ئیسرائیل لەگەل کورد لەچوارچێوەی هەوالگری وتاکتیکی بووە ،ئەوەش لە ریفراندۆمی ساڵی ٢٠١٧ ز و نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ز ڕووخانی شۆڕش و ئەنفال وکیمیایی ١٩٨٨ز وزۆر ڕووداوی تر ئەوە دەسەلمێنێت.

**پوختەی وەلامی ئەو پرسیارە ستراتیجیە:** ئاخۆ ئەو لێدوانە نوێیەی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل و ئەو شەڕەی ئیسرائیل و بەرەی بەرگری ئیسلامی سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێ؟ ئایا لە گۆڕانکاریانە دەوڵەتی کوردستانی تێدایە وەك یەهوداك دەیڵێت ؟

**وەلام :**

پیش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە دەبێ ئەوە ئاشکرا بکەین کە کورد ئەوەندە ستەمی لێکراوە لەلایەن وولاتانی ناوچەکە، ناچار کراوە ئومید بە ڕۆژئاوا یان هەر هێزێك لەناوچەکە دەستی بۆ درێژ بکا، ئەنفال کرا کیمیایی باران کرا، تا ئیستاش لە بەشەکانی تری کوردستان نکوڵی لەبوونی سیاسی دەکرێ، کەچی لە کۆنگرە ئیسلامیەکان لە میساقی جامیعەی عەرەبی تەنانەت لە پرۆژە وگەڵاڵەکانی ووڵاتانی ناوچەکە چارەنوسێکی بۆ کورد تێدا نیە، لەلایەکی تریشەوە زۆربەی وولاتانی عەرەبی و ئیسلامی پەیوەندیان ئاسایی کردۆتەوە، تەنانەت حزبە عەرەبیەکانی ناو ئیسرائیل بەشداری هەلبژاردن و ئەندامیان

هەیە لە کنیست و وەزیریان هەیە، کەواتە پەیوەندی کوردو ئیسرائیل بە ڕوانگەی هەندێ سەرکردەی کورد (بەتایبەتی سەرکردەی ئیستای پ د ك)جێگای تێرامان وهەڵوەستەیە ومەرج نیە ڕەتبکریتەوە، لە ئیستادا لە ناو ڕیزەکانی ئەو حزبە لە ئاستی بەرزیش دلخۆشیەکی زۆر بەو پیشهاتانە هەیە، بەلام ئەوەی لە ئەرزی واقیع هەیە زۆر دڵخۆشکەر نیە، ئەو لێدوان و ئاماژانەی ئیسرائیل بۆ کوردی دەنێرێت جدی نیە بەو پیوەرانەی خوارەوە :

١-هیچ بەلگەنامەو ڕێکەوتنێکی فەرمی لە نێوان کورد و جولەکە و ئیسرائیل و زایۆنیدا نەبوەو نیە.

٢-لە پرۆژەی چاکسازی ڕۆژهەلاتی ناوەراست (کە پرۆژەی پیرس ناوزەد دەکرێت) هیچ ئاماژەیەکی بە ڕاستەوخۆ و ناڕەستەوخۆ تیدانیە بۆ کورد .

٣-ئیسرائیل تەنها لەکاتی تەنگاوی ئەو لێدوانانە دەدا .

٤-ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل بەندە بە ئاسایشی سایکس بیکۆ کە ڕێك دژی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستانە .

٥-ئەو سنورانەی لەسایکس بیکۆو سیڤەرو لۆزان کۆتایی پێهات ئەوە کرۆکی ستراتیجی ئیستعمارو زایۆنی بوو ..نزیکەی ١٠٠ کۆنگرە کرا تا بەو دیزاینەی رۆژهەلاتی ناوەراست گەیشتن بۆیە بەهیچ جۆرێك ئامادە نین دەستکاری بکەن . بۆیە : ئەو پرۆژانەی دەووترێ بەناوی پرۆژەی دیڤید-داود یان دروشمی (لە نیلەوە تا فورات) ڕاست ودروست نین .

٦-ئەو پێشبینیەی حزبی بەعس (کە لەسەروو باس کرا بۆ دابەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست)ئەوە هیچ بنچینەیەکی نیە و تەنها هەندێ گەڵاڵەی (تێڕوانینی کەسیە نەك پرۆژەی فەرمی ) لەوانە گەڵاڵەی برنارد لویس یان بریجنسکی و ئەو گەڵاڵەی چوارینەی ناونرا (سنوری خوێن) زیاتر لەوانە نزیکە .
ئەی چی نوێ هەیە ؟

٧-لەبارەی بەرنامەی ترامپ ئەو هەواڵەی بەناوی ئیدی کۆهین کە رۆژنامەنووسێکی دیاری ئیسرائیلییە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان زانیاری لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی ئیسرائیل بڵاودەکاتەوە و پیشانی دەدات لە ناوەندی بڕیاری ئیسرائیل نزیکە، بڵاوکرایتەوە بۆ کورد هیچ ئاماژەیەك نیە ، کۆهین لایەنگری کوردە، بەلام زۆر جار بەبێ بنچینە پیشبینی دەکات، دوای بەدواچوون بۆ هەر سێ کارنامەی ترامپ و تەنانەت (سینك تانتکە سەرەکیەکانی ئەمریکاش بە گەلالەی تیدا نیە .

ئەدی چ ئەگەرێك هەیە؟ ئەگەری ئەوە هەیە ئیسرائیل لەو جیهانگەراییە تاڕادەیەك شکۆیەك بەسەر رۆژهەلاتی ناوەراست پەیدا بکات، لەرووی سەربازی و هاوسەنگی هیز گۆڕانکاری ببیت، ئەوەش وادەکات ببێتە بەدیلی هێزەکانی ئەمریکا و هەمان ئەو رۆڵە ببینی کە هیزە هاوپەیمانەکان لە دوای ٢٠٠٣ بینیان . بەلام نە لەو شەڕەی ئیستا و نە لە داهاتوو، ئیسرائیل بەرنامەی تیکدانی سنوری نیە تا بۆ کورد دەوڵەت

دروست بکەن، یەك ئەگەری نزیك هەیە ئەگەر شەڕی ئیسرائل بگاتە سوریا ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە یارمەتی موعارەزە بداو دەسەلاتی ئەسەد بگۆڕدرێ و چارەنوسەکی زیاتر بۆ کوردانی سوریا بێتە کایەوە، لە ئەگەری ئەو گۆڕانکاریەوە سەر نەخشەی سیاسی سوریاو دواتریش پەیوەندی دەبێت بە بەشەکانی تری کوردستانیشەوە ، ئەوە وای کردوە هەر لە ئیستاوە تورکیا سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنەو وای کردوە تورکیا حیسابێکی ستراتیجی بۆ لێکەوتەکانی ئەو ئەگەرە بکات .

**لەکۆتاییدا ناکرێ ئەوەی نەلێین کە خەلکی کوردستان چاوەڕێ بوون وڵاتانی ناوچەکە و ڕۆشنبیرانی عەرەب و تورك وفارس ئەو ڕاستیەیان بگوتبایە کە وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل ووتویەتی .**

# پــــــاشــــکــــۆ

**(١)**

**نص الإتفاقية(فيصل -وايزمان)**

إن صاحب السمو الملكي الأمير فيصل ممثل المملكة العربية الحجازية والقائم بالعمل نيابة عنها والدكتور حاييم وايزمن ممثل المنطقة الصهيونية والقائم بالعمل نيابة عنه يدركان القرابة الجنسية والصلات القديمة القائمة بين العرب والشعب اليهودي ويتحقق أن أضمن الوسائل لبلوغ غاية أهدافهما الوطنية هو في اتخاذ أقصى ما يمكن من التعاون سبيل تقدم الدولة العربية وفلسطين ولكونهما يرغبان في زيادة توطيد حسن التفاهم الذي بينهما فقد اتفقا على المواد التالية:

١.يجب أن يسود جميع علاقات والتزامات الدولة العربية وفلسطين أقصى النوايا الحسنة والتفاهم المخلص وللوصول إلى هذه الغاية تؤسس ويحتفظ بوكالات عربية ويهودية معتمدة حسب الأصول في بلد كل منهما.
٢.تحدد بعد إتمام مشاورات مؤتمر السلام مباشرة الحدود النهائية بين الدول العربية وفلسطين من قبل لجنة يتفق على تعيينها من قبل الطرفين المتعاقدين.

٣.عند إنشاء دستور إدارة فلسطين تتخذ جميع الإجراءات التي من شأنها تقديم أوفى الضمانات لتنفيذ وعد الحكومة البريطانية المؤرخ في اليوم الثاني من شهر نوفمبر سنة ١٩١٧.

٤.يجب أن تتخذ جميع الإجراءات لتشجيع الهجرة اليهودية إلى فلسطين على مدى واسع والحث عليها وبأقصى مايمكن من السرعة لاستقرار المهاجرين في الأرض عن طريق الإسكان الواسع والزراعة الكثيفة. ولدى اتخاذ مثل هذه الإجراءات يجب أن تحفظ حقوق الفلاحين والمزارعين المستأجرين العرب ويجب أن يساعدوا في سيرهم نحو التقدم الاقتصادي.

٥.يجب أن لا يسن نظام أو قانون يمنع أو يتدخل بأي طريقة ما في ممارسة الحرية الدينية ويجب أن يسمح على الدوام أيضا بحرية ممارسة العقدية الدينية والقيام بالعبادات دون تمييز أو تفصيل ويجب أن لا يطالب قط بشروط دينية لممارسة الحقوق المدنية أو السياسية.

٦.إن الأماكن الإسلامية المقدسة يجب أن توضع تحت رقابة المسلمين.

٧.تقترح المنظمة الصهيونية أن ترسل إلى فلسطين لجنة من الخبراء لتقوم بدراسة الإمكانيات الاقتصادية في البلاد وأن تقدم تقريرا عن أحسن الوسائل للنهوض بها وستضع المنظمة الصهيونية اللجنة المذكورة تحت تصرف الدولة العربية بقصد دراسة الإمكانيات الاقتصادية في الدولة العربية وأن تقدم تقريرا عن أحسن الوسائل للنهوض بها وستستخدم المنظمة الصهيونية أقصى جهودها لمساعدة الدولة العربية بتزويدها بالوسائل لاستثمار الموارد الطبيعية والامكانيات الاقتصادية في البلاد.

٨.يوافق الفريقان المتعاقدان أن يعملا بالاتفاق والتفاهم التأمين في جميع الأمور التي شمتلتها هذه الاتفاقية

لـدى مؤتمـر الصلـح.

٩.كل نـزاع قـد يثـار بـين الفريقـين المتنازعـين يجـب أن يحـال إلى الحكومـة البريطانيـة للتحكيـم. وقـع في لنـدن، إنجلـترا في اليـوم الثالـث مـن شـهر ينايـر سـنة ١٩١٩.

**(٢)**

**پرژەكانی چاكسازی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست**

پرۆژەكان بریتین لە:

١ـ پرۆژەی ئەوروپی بۆ چاكسازی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست (كۆنگرەی برشلۆنە ١٩٩٥)

٢-پرۆژەی( مبادره الشراكه كۆلن پاول –امریكا - ١٢دیسمبر٢٠٠٢ ).

٣ـ پرۆژەی ( ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورەی ئەمریكی لە ٢٠٠٤ )

٤ـ پرۆژەی (المبادره الألمانیه ).

٥ـ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە ٢٠٠٤ز جۆرج بۆشی كوڕ

٦ـ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی فراوان ئەلمانیا و فرنسا ـ ٢٠٠٤ ز

٧ـ پرۆژەی ئیسرائیل (شمعون پیرس- الشرق الأوسط الجدید- ١٩٩٢) .

ستاندەر

STANDARD

WWW.SKURD.NET